# هەرکەسێک مردووی شۆرد؛ ئەوا با خۆی بشوات، وهەرکەسێک مردووی هەڵگرت؛ ئەوا با دەستنوێژ بگرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک مردووی شۆرد؛ ئەوا با خۆی بشوات (غوسڵ بکات)، وهەرکەسێک مردووی هەڵگرت؛ ئەوا با دەستنوێژ بگرێت».
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ڕستەی یەکەم: مانای ئەوە دەگەیەنێت هەرکەسێک مردوو بشوات، ئەگەر مردووەکە بچووک یان گەورە، نێر یان مێ بێت، ئەگەر بە دەستی خۆی بیشوات یان بۆ شۆردنی شتێک لە دەستی بکات وەکو پەڕۆیەک یان دەستکێش؛ ئەوا سونەتە لە پاش شۆردنی مردووەکە خۆی بشوات وەکو خۆشۆردنی پاش لەشگران بوون (غوسڵ کردن). ڕستەی دووەم: مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسەی مردووەکە (جەنازەکە) هەڵدەگرێت سونەت وایە پاش هەڵگرتنی ودانانی لە شوێنی مەبەستدا؛ دەستنوێژ بگرێت، لێرەدا وشەی (الوضوء:دەستنوێژگرتن) بە مانای دەست شۆردن دێت یان فەرمانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت مردووەکە هەڵبگرن بۆئەوەی ئامادە بن نوێژی لەسەر بکەن، فەرموودەکە مانای ئاشکراکەی وەرنەگیراوە چونکە هیچ یەکێک لە زانایان ناڵێن دەستنوێژگرتن واجبە بۆ هەڵگرتن یان پاش هەڵگرتنی تەرمی مردوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8400

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee